بەش: **زمانی کوردی**

کۆلێژ: **زمان**

زانکۆ: **سەلاحەدین**

بابەت : **مۆرفۆلۆجی**

پەرتووکی کۆرس : **قۆناغی دووەم**

ناوی مامۆستا: **هەژار قادر اسماعیل**

ساڵی خوێندن: **2022 / 2023** وەرزی یەکەم

پەرتووکی کۆرس
Course Book

1. ناوی کۆرس	مۆرفۆلۆجی
2. ناوی مامۆستای بەر پرس	هەژار قادر اسماعیل
3. بەش/ کۆلێژ	کۆلێژی زمان / بەشی زمانی کوردی
4. پەیوەندی	ئیمێل: hazharismail1975@gmail.com hazhar.ismail@su.edu.krd ژمارەی تەلەفۆن (بەپەی ئارەزوو):07504036690
5. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک	3 کاتژمێر وانەی تیۆری
6. ژمارەی کارکردن	3 کاتژمێر لە هەفتەیەکدا
7. کۆدی کۆرس	
8. پرۆفایلی مامۆستا	لە ساڵی 1980 - 1986 قۆناغی سەرەتاییم لە قوتابخانەی پێشەوای سەرەتایی کوڕان لە هەولێر تەواو کردووە , وە لە ساڵی 1986- 1989 قۆناغی پێش ئامادەییم لە قوتابخانەی سەربەستی کوڕان تەواو کردووە , وە لەساڵی 1989 - 1994 قۆناغی ئامادەییم لە قوتابخانەی ئامادەیی ئازادی کوران تەواو کردووە ,وە لە ساڵی 1994 - 1996 بەشی بیرکاری پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایانی هەولێرم تەواو کرد . لە ساڵی 1997 -2000 بووم بە مامۆستای سەرەتایی لە قوتابخانەی (رۆست) ی سەرەتایی تێکەڵاو لە ناوچەی باڵەکایەتی , وە لە 2000 - 2004 وەك مامۆستای مۆڵەت پێدراو درێژەم بە خوێندن دا لە بەشی زمانی کوردی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەدین , خوێندنەکەم بە سەرکەوتوویی تەواو کرد و یەکێك بووم لە سێ یەکەمەکانی بەشەکەم لە کۆی 93 قوتابی . لە 2004 - 2006 وەك یاریدەدەری توێژەر لە کۆلێژی پەروەردە خزمەتم کرد , لە ساڵی 2006 وەك قوتابی ماستەر دەستم بە خوێندن کرد و لە 2009 بڕوانامەی ماستەرم لە زمانی کوردی بە دەست هێنا . لە پسپۆری دەنگسازی . تێزی ماستەرەکەشم بە ناونیشانی (رۆنانی بڕگەوئاسانبوونی دەنگ لە زارۆچکەی باڵەکیاندا) . دواتر وەك مامۆستا لە کۆلێژی خوێندنی ئێوارانی بەشی زمانی کوردی درێژەم بە خزمەت دا و دوای چوار ساڵ , بریاری داخستنی ئەم کۆلیژە درا , راژەم گوازرایەوە بۆ کۆلێژی زمان (بەشی زمانی کوردی) لەو ماوەیە کتابێکم بە ناوی (رۆنانی بڕگەوگۆڕانی سنووری بڕگە لە شێوەزاری باڵەکیاندا) بە چاپ گەیاند . تا ئێستاش وەك مامۆستا بەردەوامم لە خزمەت لە بەشی زمانی کوردی کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەدین / هەولێر .
9. وشە سەرەکیەکان	

10. ناوەرۆکی گشتی کۆرس:

ئەم بابەتە بۆ گەشەپێدانی توانا و شارەزایی قوتابیان و پێشکەوتنی ئاستی مەعریفی قوتابیان لە بارەی مۆرفۆلۆجی دەخوێنرێت . وە چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو سەرچاوە ئەکادیمیانی کە پەیوەندی بە بابەتەکەوە هەیە ,ئەو بابەتەی کە پەیوەندی بە دەربڕینی وشەکانی ژیانی رۆژانەمانەوە هەیە ,کە چۆن دروست دەبن , ئایا تا ئێستا بیریان لە چۆنیەتی رۆنانی ئەم وشانە کردۆتەوە , وە یا چۆنیەتی چونە پاڵ لە یەکتریان لە کاتی قسەکردندا . ئەمانە ئەوە دەگەیەنێت کە بنچینەی بابەتەکە لە سەر مۆرفیم دامەزراوە ، کە مۆرف تەوەری سەرەکی بابەتەکەیە .

بێگومان بابەتەکە چەند لایەنێکی گرنگ لە خۆ دەگرێ , کە ئەمانیش بەشەکانی (مۆرف و مۆرفیم و ئەلۆمۆرف , وشە) یە , کە هەریەکەیان گرنگی خۆیان هەیە لە قسەی رۆژانەدا .

زانستی مۆرفۆلۆجی لە سەردەمی ئەمرۆی جیهانگیریدا بۆشاییەکی گەورەی ژیانی داگیر کردووە , بەتایبەتی لە بواری خوێندنەوەی ئامێری وەك وەرگێڕانی ئامێری بۆ وەرگێڕانی زمانێك بە زمانێکی تر یا لە بواری پەیوەندی کردن بە ئامێرەکانی پەیوەندی و گواستنەوەی بە هۆی ئامێرە پێشکەوتووەکانی سەردەمی ئەمرۆماندا .

ئەوەی قوتابی پێویستە لەم بابەتە بیزانێ و فێری بێت , جۆرەکانی مۆرفیمە کە بە چەند شێوەیەك و رووبەکی جیاواز دەردەکەون وەك مۆرفیمی وشەدارێژ و رێزمانی و .....هتد . ئەوەی زۆر گرنگە ئەمانە هەموویان تەواوکەری یەکترن لە زماندا , هەر لە دروست بوونی وشە تا دەگاتە پەرەگراف و دەق . . هەموو ئەمانە گرنگی خۆیان هەیە لە ژیانی مرۆڤ و دابینکردنی هەلی کار لەم بوارەدا . بۆ نموونە قوتابی دەتوانێ لە بواری مۆرفۆلۆجیدا کاری وەرگێڕانی دروست ئەنجام بدات . هەروەها لە بواری واتاش لە کاری شیکردنەوەی دەقەکان و .....هتد وەچەندین کاری تر لە بواری زمانەوانی دەتوانێ زانستی خۆی بەکار بهێنێ .

جگە لەمە لە بواری چارەسەری کێشەکانی زمان یاخود روونتر بڵێین نەخۆشییەکانی زمان کە دەتوانێ وەك رێپیشاندەرێك بێت بۆ ئەو کەسانەی نەخۆشی زمانییان هەیە ..... بەمەش قوتابی سوود بە کۆمەڵگا و نەتەوە ونیشتیمان دەگەیەنێ لە هەمان کاتیشدا سوودی دەبێ بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیان .

11. ئامانجەکانی کۆرس

ئامانج لە بابەتی ئەم کۆرسە شارەزابوونی قوتابیانە لە هەڵوەشاندنەوەی وشەکانی زمان بە گشتی و مۆرفیم و جۆرەکانی بە تایبەتی , وە چۆنیەتی بەکارهێنانیان . جگە لەمەش ئاشنابوونی قوتابیان پەیوەندی نێوان ئاستی مۆرفۆلۆجی و ئاستەکانی تری زمان , , وەهەروەها جۆرەکانی مۆرفیم . چۆنیەتی هەڵوەشاندنەوەی وشەکان و بەرامبەر کردنەوەی مۆرف و مۆرفیم .

جگە لەمانە لەم بابەتە قوتابیان ئاشنا دەبن بە چەند زاراوەیەکی تازە کە تا ئێستا لە قۆناغەکانی پێشوی خوێندنی بەر گوێی نەکەوتووە , ... هتد وە جیاکردنەوەیان مۆرفیم و بڕگە و وشەی ئاسایی, وە دیاریکردنی مۆرفیمەکانی وشەیەکی دیاریکراو , دواتر خستنەڕووی پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستەکانی وەك واتا و سینتاکس و فۆنۆلۆجی, جگە لەمانە یاسا کانی چونە پاڵیەکی مۆرفیمەکان زمانی کوردی و چەندین بابەتی تری بەسوود , کە بۆ دوارۆژی کاری قوتابیان لێ دەبینن .

12. ئەرکەکانی قوتابی :

لە خوێندنی ئەم ساڵدا قوتابی پێویستە چەند ئەرکێك جێبەجێ بکات .

- ئامادەبوونی قوتابی لە کات وساتی خۆیدا , دوای مامۆستا قوتابی بۆی نییە بێتە ژوورەوە , تەنها وانەی یەکەم نەبێ کە بە هۆی قەرەباڵغی رێگا بۆی هەیە دوای 10 خولەکیش بێتە ژوورەوە و قبول دەکرێ .
- پێویستە لە سەر هەر قوتابییەك را پۆرتێك ئامادە بکات , بە مەرجێك ژمارەی سەرچاوەکانی لە (5) سەرچاوە کەمتر نەبێ.
- دەبێ قوتابیان رۆژانە ئامادەبن بۆ تاقیکردنەوەی (کویزی رۆژانە) .
- بە هیچ شێوەیەك قوتابی بۆی نییە لە پۆلدا مۆبایل بەکار بهێنێ .

- لە کاتی تاقیکردنەوە مۆڵەت وەرناگیرێت تەنها بە ڕێگای مۆڵەتی دکتۆر نەبێ .
- ئەگەر قوتابیان لە تاقیکردنەوەیەك خراپ بوون ,دەتوانن بە کۆی دەنگ تاقیکردنەوەیەکی تر ئە نجام بدەن بە مەرجێك هەموو تاقیکردنەوەکان کۆ دەکرێنەوە , نەك کامیان باشتربوو ئەو هەڵبژێردرێت.

13. ڕێگەی وانە ووتنەوە : **ڕێگاکانی ووتنەوەی بابەتی (مۆرفۆلۆجی) :**

بە سوود وەرگرتن لە چەندین ڕێگای وانە ووتنەوە , لە گەڵ سەر هەڵدانی ئەم بەرنامەیە, بە باشم زانی بۆ وانە وتنەوەیەکی زانستیانە و سەرکەوتوانە, ئەم ڕێگایانەی خوارەوە بگرمە بە .

1 کاتی وانەکە بە شێوەیەکی ڕێك و پێك بۆ چەند بەشێك دابەش دەکەم . وەك (چەند پرسیارێکی کەم لە قوتابیان دەربارەی وانەی رابردوو ,ئینجا پێداچوونەوەیەکی خێرای وانەی رابردوو ,لەگەڵ بەستنەوەی بە وانەی تازە , ئینجا پێشکەش کردنی وانەی نوێ ,لەگەڵ ڕەچاوکردنی بەژداری پێکردنی قوتابیان ,بە هۆی پرسیارکردن

وە هێنانەوەی نموونەی زیاتر لە لایەن قووتابیانەوە.) لە کۆتاییشدا ناوی نەهاتووەکان تۆمار دەکەم .)

2 ئەگەر پێویست بکات لە ڕێگەی داتاشۆوە وانەکە زیاتر ڕوونەدەکەمەوە , وە بە هۆی بەکارهێنانی تەختەو پێنووسی ڕەنگاو ڕەنگ وانەکە زیاتر شیدەکەمەوە .

3 زۆرجار بە ڕێگای گفتوگۆ لەگەڵ قوتابیاندا وانەکە دەوڵەمەند دەکەم . ئەویش بەئاڕاستەکردنی پرسیار و گفتوگۆکردن ,لەگەڵ داواکردنی بیری تازە دەربارەی وانەکە.

4 لە کۆتایی هەر وانەیەك جارێکی تر خاڵە سەرەکیەکانی وانەکە بە خێرایی یەك لە دوای یەك دەخەمەوە روو ,بۆ ئەوەی شێوازی بەیەك بەستنەوەی بەشەکانی وانەکەلای قوتابیان ڕوون و ئاشکرا بێت .

5 لە کۆتایی هەر وانەیەکیش چۆنیەتی پرسیارەکان دەخەمە روو , کە ئەم وانەیە چ پرسیارێك هەڵدەگرێ بۆیان ڕوون دەکەمەوە.

14. سیستەمی هەڵسەنگاندن:

تێبینی : نمرەی کۆششی کۆرس (40) نمرەیە کە بەم شێوەیە دابەش دەکرێت :

هەر تاقیکردنەوەیەك لە سەر (15) نمرە دەبێت , کە کۆی تاقیکردنەوەکان دەکاتە (30) نمرە . (10) نمرەی ماوەش , تایبەت دەکرێت بە چالاکی ناو پۆل و ئەو ئەرکانەی کە بە قوتابی دەسپێردرێ ,وەك ڕاپۆرت وە یا هەر چالاکی و گفتوگۆیەکی ناو پۆل یا هەر چالاکیەك کە پەیوەندی بە بابەتەکەوە هەبێت ,لە گەڵ ئـــــامادەبوونی قوتابیان لە ناو پۆل دا . (60) نمرەش دەمێنێتەوە بۆ تاقیکردنەوەی کۆتایی کۆرس

15. دەرئەنجامەکانی فێربوون:

ئامانجی سەرەکی ئەم بابەتە بۆ فێربوونی قوتابیە لە بارەی مۆرفیمی زمانی مرۆڤ . وە چۆنییەتی دروست بوونیان . وە چۆنییەتی چونە پاڵ یەکی مۆرفیمەکان و کارتێککردنیان لە یەکتر لە رووی واتاییەوە . هەر وەك پێشتریش باسمان کرد , قوتابی بە خوێندنی ئەم بابەتە شارەزایی زۆر پەیدا دەکات دەربارەی جیاوازی زمانەکان , کە دەکرێ لە بازاری کار بۆ کاری وەرگێرانی دروست سودی لێ

وەربگرێ و بە تایبەتی بۆ فێربوونی زمانی کوردی لە لایەن غەیرە کوردەکانەوە . وە یاخود چۆنییەتی لێکدانی مۆرفیمەکان , وەشیکردنەوەی زمان و دەقەکان , کە ئەمە زیاتر لە بواری هەواڵگری و سیاسیدا ئە نجامدەدرێ .

16. سەرچاوە بنەرەتیەکان :

1ـــ ئەو رەحمانی حاجی مارف , وشە ڕۆنان لە زمانی کوردیدا , کۆڕی زانیاری کورد/بەغدا , 1977

2ـــ موسعود محمد , چەند حەشارگەیەکی ڕێزمانی کوردی , کۆڕی زانیاری / بەغدا , 1976

3ـــ کەوسەر عزیز احمد , بیردۆزی مۆرفیم و هەندێ لایەنی وشەسازی کوردی , نامەی ماستەر , ك. ئاداب , ز . سەلاحەدین , 1990 .

4ـــ محمد معروف فتاح , کار پۆلین کردن بە پێی ڕۆنان , ڕ . نوێ , ژ/ 121 .

5ـــ ئازاد ئەمین فەرەج , مۆرفیمەکانی (ه) لە دیالێکتی کرما نجی خوارو , نامەی ماستەر, ك. پەروەردە , ز. بەغدا , 1998 .

6ـــ ئەورەحمانی حاجی مارف , ڕێزمانی کوردی , ب /1 (ناو) کۆڕی زانیاری , بەغدا , 1979 .

7ـــ ـ دلشاد محمد غەریب , مۆرفیمەکانی (بە) لە دیالێکتی کرما نجی خوارووی زمانی کوردیدا , نامەی ماستەر ,ك. پەروەردە , ز. بەغدا , 2004.

8- رەفیق شوانی , وشەسازی زمانی کوردی , چ1 2011 , چ2 2014 .

9 ـــ سەلام ناوخۆش , زمانەوانی , ب/1 , چاپخانەی مناره , 2008 .

10ـــ صباح رشید قادر , هاوبێژی و فرە واتایی لە گێرەکدا , نامەی ماستەر , ك. زمان , ز. سلێمانی , 2000.

11- صباح رشید قادر , چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی , چاپخانەی ڕوون , سلێمانی , 2006 .

12 ـــ عبدالله حسین رسول , ناکردن لە زمانی کوردیدا , نامەی ماستەر , ك. پەروەردە , ز. بەغدا , 1991 .

13ـــ عبدالله حسین رسول , مۆرفیمەکانی ڕێزمانی کار , نامەی دکتۆرا ,ك. ئاداب , ز. سەلاحەدین , 1995.

14ـــ فتاح مامە , هاودەتگ لە زمانی کوردیدا , نامەی ماستەر , ك. ئاداب , ز. سەلاحەدین , 1989.

15ـــ فاروق عمر محمد , وشەسازی لە زمانی کور دیدا , کۆڕی زانیاری /بەغدا , بەرگی 3 / بەشی دووەم ,1975 .

16ـــ کەوسەر عزیز , بیردۆزی مۆرفیم و هەندێ لایەنی وشەسازی کوردی , نامەی ماستەر , ك. ئاداب , ز. سەلاحەدین , 1990

17ـــ محمد معروف فتاح , پرتك و گێرەك , ز. سەلاحەدین , ژ7 , 1999 .

18ـــ وریا عمر ئەمین , ئاسۆیەکی تری زمانەوانی , ئاراس , 2004 .

19ـ بازیان یونس محی الدین , نامەی ماستەر , ك. زمان , ز. سەلاحەدین , 2008 .

20ـــ احمد مختار , دراسه الصوت الغوی , 1976.

21ـــ فریدینال دی سوسور , علم الغه العام , ت/ یوئیل یوسف , بغداد , 1985 .

22 ـــ محمد حسن عبدالعزیز , مدخل الی علم الغه , دار النمر , 1983 .

17. بابەتەکان : وشەسازی	ناوی مامۆستای وانەبێژ
هەفتەی یەکەم : چەند ڕێنماییەکی گشتی بۆ قوتابیان دەربارەی کۆلێژو خوێندنی کۆلێژ...هتد باسی زمان کە خۆی دەبینێتەوە لە چەند پێناسەیەکی زمان و شیکردنەوەیان و دابەشکردنی زمان بۆ چەند ئاستێك و باسکردنی هەریەکەیان بە کورتی , کە ئامانج لێیان چۆنیەتی وەرگرتنی پسپۆرییە لە زمان . **هەفتەی دووەم :** زاراوەی مۆرفۆلۆجی , سەرەتای سەر هەڵدانی بیری مۆرفیم ، مەرجەکانی مۆرفیم . **هەفتەی سێیەم :** پەبوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستەکانی تری زمان . **هەفتەی چوارەم :** درێژەی پەبوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستەکانی تری زمان . **هەفتەی پێنجەم :** شیکردنەوەی پێناسەی هاوبێژی ، جۆرەکانی هاوبێژی **هەفتەی شەشەم :** درێژەی هاوبێژی ، جیاوازی لەگەڵ فرەواتایی **هەفتەی حەفتەم :** چەمك و پێناسەی مۆرفیم **هەفتەی هەشتەم :** ئەلۆمۆرف و جۆرەکانی ئەلۆمۆرف ، (**تاقیکردنەوەی یەکەم**) **هەفتەی نۆیەم :** کەم و کوڕییەکانی بیری مۆرفیم ، جۆرەکانی مۆرفیم **هەفتەی دەیەم :** گیرەك و جۆرەکانی گیرەك **هەفتەی یازدەم :** سیماکانی گیرەکی وشەدارێژ و ڕێزمانی ، شیکردنەوەی سیماکان **هەفتەی دوازدەم :** درێژەی شیکردنەوەی سیماکان هاوسەنگ کردنی مۆرف و مۆرفیم (**تاقیکردنەوەی دووەم**) **هەفتەی سێزدەم :** بنکەی بەند و ڕەگی کار ، زانیاری لەبارەی جووتکر و نووسەك ، مۆرفیمی سفر و بەتاڵ . **هەفتەی چواردەم :** هاودەنگ لە هەندێ مۆرفیم دا	**هەژار قادر اسماعیل** **دوو شەممە 1 کاتژمێر** 10,5بۆ 11,5 (**وانەی یەکەم**) 11, 5بۆ 12 ,5 (**وانەی دووەم**) **پێنج شەممە 2 کاتژمێر** 8,5 **بۆ** 9,5 (**وانەی یەکەم**) A 9,5 **بۆ** 10,5 (**وانەی دووەم**) A 10,5 **بۆ**11, 5(**وانەی یەکەم**) B 11, 5**بۆ** 12, 5(**وانەی دووەم**) B

19. تاقیکردنەوەکان

1. دارشتن:

پرسیار / مۆڕفیم چییە ؟ سەرەتای سەرهەڵدانی بیری مۆڕفیم بۆ کەی دەگەڕێتەوە .

پرسیار / جیاوازی ئەمانەی خوارەوە بخەرە روو .

1ـ مۆڕف و مۆڕفیم 2ـ نوسەك و گیرەك

پرسیار/ هاودەنگ بۆ پێنج لەمانە دیاری بکە (ب ، ان ، دە ، ها ، کە ، ی) ؟

.....

2. راست وچەوت:

پرسیار / راست و چەوتی ئەم رستانە دیاری بکە . (تێبینی / هەر سێ هەڵە راستێك دەبات)

وەڵام : 1- هەموو مۆرفیمێك وشەیە . ×

2- نوسەك بە پێشەوەو دواوەی بنکەوە دەلکێن . ×

.....

3. بژاردەی زۆر:

پرسیار / وەڵامی راست هەڵبژێرە .

1- وشەی گەلاوێژ چوار بڕگە و ..... مۆرفیمە . .(یەك, دوو , سێ, چوار)

2- (انی) لە وشەی ژنانی ..... ە .(گیرەکی وشەدارێژە , گیرەکی رێزمانییە , جوتگرە ، ناوگرە)

20. تێبینی تر

21. پێداچوونەوەی هاوەڵ

ئەم کۆرسبووکە دەبێت لەلایەن هاوەڵێکی ئەکادیمیەوە سەیر بکرێت و ناوەڕۆکی بابەتەکانی کۆرسەکە پەسەند بکات و جەند ووشەیەک بنووسێت لەسەر شیاوی ناوەڕۆکی کۆرسەکە و واژووی لەسەر بکات.
هاوەڵ ئەو کەسەیە کە زانیاری هەبێت لەسەر کۆرسەکە و دەبیت پلەی زانستی لە مامۆستا کەمتر نەبێت.